# تابلۆ نەبینراوەکانی گەڕەکمان

## شیعری بەکر ئەحمەد

بەلوعەی ناو حەوشەکەمان
بۆتە شانۆی خەونی ناخۆش.
بەیانیان زوو
"خەرامان " دێ و
خەونی شەوی دەدا بەدەم ئاوەکەوە.
"ماهیرە" دێ و شەوێکی تر.
"ڕووناک" دێت و خەونێکی تر.
ئێستا بۆم ڕووندەبێتەوە
جۆگەلەی بەردەم بەلۆعەی حەوشەکەمان
بۆچی ئاوا ڕەش دەچۆوە؟

تەقە باوکم هەڵدەستێنێ.
بەتانییەکە بەسەر مندا دەداتەوە.
گلۆپەکەی بەر دەرگای ماڵ خامۆشدەکا.
ڕادەکشێت و هەر ورتەی دێ:
بنوو کوڕم!
هەر بەتەنها گلۆپەکەی بەردەرگای ماڵی ئێمەیە
فیشەك کوێری نەکردبێ.
هەر ئەو ماوە, لە تاریکایی شەواندا
چاوساغی ئەم کۆڵانە بێ.

نیشتیمانەکەم ڕۆژێك مرد
کە خاوەنی خانووەکەمان, لەسەر دواکەوتنی کرێ
شڕەو شاتاڵی ماڵمانیان, فڕدایە سەرچەقی ڕێگا.
نیشنیمانەکەم ڕۆژێك مرد
لەسەر بوخچەی نوێنەکانمان
لە چاوەڕوانی باوکمدا
سەیری ڕوخساری جنێوی, دەمی خاوەن ماڵم دەکرد.

حوزەیرانی 1999